

# V LTAIRE

# پەیامی دەیەمینی
# ڤۆڵتێر
# لەبارەی بازرگانییەوە

لە عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان Idea

**بازرگانی سامانی بۆگەلی بەریتانیا فەراهەمکردووە و پشکداریش بووە لەوەی ئەو گەلە ئازادبن، دیسان ئازادییش بووەتە هۆی گەشەی بازرگانی. لەرێگەی بازرگانییەوە ئەم نەتەوەیە گەیشتووە بەپلەیەکی بەرز، لەگەڵ ئەوەشدا هێزە دەریاییەکانی هێدی هێدی بەهێزبووەو وایکردووە ئینگلیز ببێتە ئاغای دەریاکان، بەجۆرێك ژمارەی کەشتییەکانی نزیکەی 200کەشتین.**

هەڵبەت نەوەکانی ئێستا ناکاوگیردەبن کاتێك دەزانن کە باووباپیرانیان لەدوورگەیەکدا ژیاون، کە جگە لە قوڕقوشم و قەسدیرو خۆڵی پاککەرەوەو خوری زبر هیچی تریان نەبووە، بەڵام لەگەڵ بازرگانیدا دوورگەکە بەهێزبووە تا لە ساڵی 1723دا، سێ کەشتیگەلی لەیەککاتدا بۆ سێ ناوچە رەوانە کردووە: کەشتیگەلی پاسەوانیکردن لە گەرووی جەبەل تاریق کە دەستی بەسەرداگرت، لەڕێگەی چەکەکانیەوە توانی پارێزگاری لێبکات، کەشتیگەلییەکی تری رەوانەی پۆرتبیلۆ کرد، بۆ رووتاندنەوەی پادشای ئیسپانیا لە خشڵ و زێڕی وڵاتی ئندیزو سێیەم کەشتیگەلیشی نارد بۆ دەریای بەلتیك تا رێگری بکات، نەکەوێتە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی باکوردا. کاتێکیش شاڵاوەکانی لویسی چواردەیەم ئیتاڵیای دەهەژاند و سوپاکەشی ئامادەبوون دەست بەسەر تۆریندا بگرن، لەپاش کردنەوەی رێگەی سافۆی و بیدمۆن، دەبوو شازادە یۆجین لەوپەڕی ئەڵمانیاوە بەهانای دۆکی سافۆیەوە بچێت، کە ئەو دەم خاوەنی هیچ داراییەك نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵبوو بەبێ دارایی هێرش یان بەرگری بکات، هەربۆیە داوای قەرزی لەبازرگانانی ئینگلیز کردو لەماوەی نیو سەعاتدا توانی بڕی پەنجا ملیۆن قەرز وەربگرێت و بەوەش توانی تۆرین رزگاربکات و شکست بەفەرەنسییەکان بهێنێت.

کورتە نامەیەکی بۆ ئەوکەسانە نوسی کە قەرزی لێکردبوون» بەڕێزان پارەکەی ئێوەم بەدەست گەیشت، خۆشحاڵم ئەو پارەیەم بەجۆرێك بەگەڕخست کەدەبێتە مایەی رەزامەندیتان».

هەموو ئەوە وادەکات بازرگانی ئینگلیزی شانازی بەخۆیەوە بکات و ئەوەش رێگەی پێبدات بوێرێت خۆی بەهاوڵاتی رۆمانی بەراورد بکات، چونکە کۆمەڵێك هۆکاری شیاوی هەیەو بگرە بەسەر هاوڵاتی رۆمانیشدا زاڵە.

برا بچکۆلەی یەکێك لەکەسێکی دەسەڵاتدار کە بڕیاریداوە بچێتە مەیدانی بازرگانیکردنەوە دوچاری بێزراوبوون نابێتەوە، ئەوەتا لۆرد تاونزند، وەزیری دەرەوە برایەکی هەیەو ئەویش خۆشحاڵە بەوەی ئەم برایەی بازرگانە لەشارەکەدا.

دیسان کاتێکیش لۆردی ئۆکسفۆرد حوکمی بەریتانیای دەکرد، برا بچوکەکەی وەك نێوەندگیرێکی بازرگانی لەحەلەب کاری دەکردو ناچار نەبوو، بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە هەربۆیە لەوێش مردو نەگەڕایەوە.

بەداخەوە ئەم تەقلیدە کەخەریکە نامێنێت، بەلای ئەڵمانەکانەوە کە شەیدای جوامێریین شتێکی سەیرو نامۆیە و ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کەچۆن کوڕی یەکێك لەبنەماڵە جوامێرەکانی بەریتانیا دەبێ کەسێکی بۆرژوازو دەوڵەمەند بێت، لەکاتێکدا ئەوان بایەخ بەجوامێری دەدەن تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە 30خاوەنشکۆ هەبن هەمان ناویان هەڵگرتووە بێ ئەوەی شتێك هەبێت پشتیوانی لەو پلەو پایەیان بکات، جگە لە شانازی و دروشمی خێزانەکەیان نەبێت.

لەفەرەنساش هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ببێتە مارکیزا، هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە لەوپەڕی هەرێمەکانی فەرەنساوە دێن و هەندێك پارە لەگیرفانیاندایەو لەکۆتایی ناوەکەشیدا بڕگەی (ئاك) یاخود (ئیڵ) هەیە دەرفەتی ئەوەیان هەیە گوێبیستی لەنموونەی دەستەواژەی(کەسێکی لەجۆری من، کەسێك لەپلەو پایەی مندا) بێت و بەچاوی باڵاوە لەبازرگانی جوملە بڕوانرێت .

هەرچی ئەو بازرگانەشە کە راهاتووە لەسەر ئەوەی گوێبیستی سووکایەتیکردن بێت بەپیشەکەی خۆی و ئەوەش وایلێبکات خۆی بەگێل بزانێت ئەوا لەشەرمدا سوور ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من نازانم کامیان سوودیان بۆ دەوڵەت هەیە: جوامێرێکی بۆندار کەکاتەکانی نوستن و بێداربوونی پادشا دەزانێت و خۆی بەگەورە پیشان دەدات، لەکاتێکدا رۆڵی کۆیلە دەبینێت و بۆ بینینی وەزیرێك داوایەك پێشکەش دەکات، یاخود بارزگانێکی مەزن کە وڵاتەکەی دەوڵەمەند دەکات و بارێك لەکەلوپەل بەرەو هیندستان دەنێرێت و لەوێشەوە بەرەو میسرو لەخۆشگوزەرانی جیهاندا پشکداری دەکات.

سەرچاوە:

سایتی منبر الحریە

iDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

- Idea
- Idea Deplomatic
- Kurdistan Deplomatic
- Eslamgara

iDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
0533302318 - 0533300391